# هێرش لە ژێر ناوی بەرگریی لەخۆ

**نووسەر: نارین نوسرەتی**

**وەرگێڕ: سیاوەش محەممەدی و ئاگری ئیسماعیلنژاد**

http://tishk.org/ku/wp-content/uploads/sites/10/2024/10/%D9%87%DB%8E%D8%B1%D8%B4-%D9%84%DB%95%DA%98%DB%8E%D8%B1-%D9%86%D8%A7%D9%88%DB%8C-%D8%A8%DB%95%D8%B1%DA%AF%D8%B1%DB%8C%DB%8C%E2%80%8C-%D9%84%DB%95-%D8%AE%DB%86.pdf

## پێشەکی

### بۆ هێرشە هاژەکییەکەی ئێران [بۆ سەر ئیسرائیل] ناچێتە ژێر *مافی بەرگری لە خۆ*

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ دا، هێرشێکی هاژەکیی بەرینی کردە سەر ئیسرائیل و لەم هێرشەدا چەند کەسێک برینداربوون و کەسێکی فەلەستینی لە کەناری ڕۆژئاوای چۆمی ئۆردۆن کوژرا. ئێران وەکوو کاردانەوە لەهەمبەر کوشتنی ڕێبەرانی بەناو "بەرەی موقاوەمە" لە لایەن ئیسرائیلەوە، پشتی بە مافی بەرگریی ڕەوا لە بەندی ٥١ی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەست .گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣دا ، مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ناوچەکەی زیاتر کردووە. هەر دوو لایەنی گرژییەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ بەرانبەرەکەیان لە چوارچێوەی مافی بەرگری لەخۆدایە. لەحاڵێکدا مافی بەرگری لەخۆی یەکێک لە لایەنەکان بە واتای نەبوونی هەمان ماف بۆ لایەنی بەرامبەر دێت؛ بەو پێیە پرسیارەکە ئەمەیە، لە گرژیی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا کام لایەن دەتوانێت پشت بە مافی بەرگری لەخۆ ببەستێت؟

### مافی بەرگری لە خۆ لە یاسای نێونەتەوەییدا

مافی بەرگری لە خۆ لە بەندی ٥١ی جاڕنامەی گەردوونیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا) جاڕنامەی گەردوونیی نەتەوەیەکگرتووەکان) جێگیرکراوە و دەتوانێت ڕەوایی بە بەکارهێنانی زەبرێک بدات کە تەنانەت پێشێلکاریی بەندی قەدەغەی بەکارهێنانی زەبر لە جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت. بەندی ٥١ دەڵێت جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان مافی سروشتیی بەرگری لەخۆی تاک و گشت لە ئەگەری هێرشێکی چەکداریدا سنووردار ناکات، هەتا ئەوکاتەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی پێویست بۆ پاراستنی تەبایی و ئاسایشی جیهانی هەڵدێنێتەوە. بەڵام لە جاڕنامەی گەردوونیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا باسی ئەوە نەکراوە کە کەی مافی سروشتیی بەرگری لەخۆ ڕەچاودەکرێت و چۆن دەکرێت ئەو مافە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بە شێوەی گشتی ئەمە لە یاسای نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە کە مەرجی بەکارهێنانی مافی بەرگری لە خۆ ئەوەیە هێرشێکی چەکداری کرابێتە سەر ئەوکەس یان کۆمەڵە خەڵکە و بەکارهێنانی زەبریش وەک دژکردەوە دەبێت هاوسەنگ و پێویست بێت؛ سەرەڕای ئەو باسانە دەبێت هەموو ئەو هەنگاوانەی لە چوارچێوەی مافی بەرگری لە خۆدا هەڵدەگیرێن خێرا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

### ئایا هێرشێکی چەکداری لە دژی ئێران لەئارادایە؟

ئێران باسی" هێرشی تیرۆریستی "لە تاران و دژی کۆمەڵێک ئامانجی تری ئێرانی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئەکات. مەبەستیشیان لەو هێرشانە کوشتنی ئیسماعیل هەنییەی ڕێبەری حەماس، لەکاتی مانەوەی لە تارانی پێتەختی ئێران لە ڕێککەوتی ٣١ی جولایی ٢٠٢٤ە. هەروەها کوشتنی ئەندامانی تری سەر بە پرۆکسییەکانی ئێران وەکوو حەسەن نەسروڵا، سەرۆکی ڕێکخراوی حیزبوڵلای لوبنان، لەڕێگەی هێرشێکی ئاسمانییەوە لە بەیرووتی لوبنان بە ئیسرائیلەوە دەبەسرێتەوە. ئێرانیش ئەمە وەک هێرشێک بۆ سەر خۆی و "بەرەی موقاوەمە"کەی دەبینێت. بۆکۆماری ئیسلامیی ئێران گرووپگەلێکی ئیدئۆلۆگی جێی متمانە لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەرووی هەموویانەوە حەماس لە کەرتی غەززە، حیزبوڵلا لە لوبنان هەروەها حووسیەکانی یەمەن وەک بەناو پرۆکسی، نوێنەرایەتیی

بەرژەوەندییەکانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێ ئەکەن، بەڵام بە شێوەی ڕاستەوخۆ و کاریگەر لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ ناکرێن. بەم شێوەیە ئێران دەتوانێت لە باری یاسای نێودەوڵەتیشەوە هیچ بەرپرسیارەتییەک نەخاتە سەرشانی خۆی.

پاش ئەو ڕوونکردنەوەیە، ئایا هێرش بۆ سەر پرۆکسییەکانی ئێران هێرشی چەکداری بۆ سەر ئێرانە؟ لەگەڵ ئەوەی وڵامی ئەو پرسیارە گرێدراوەتەوە بەوەی چۆن قانوونی نێودەوڵەتی لێک دەردێتەوە، بەڵام بەگشتی هێرش بۆ سەر پرۆکسییەکان، وەکوو هێرش بۆسەر ئەو وڵاتەی لە پشتی پرۆکسییەکانە، نایەتە ژمار، مەگەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان پرۆکسی و وڵاتی پشتی، بە ڕوونی ئاشکرا بێت.

*مافی بەرگری لە خۆ لە دژی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان؟*

نەک تەنها ئێران، بەڵکوو ئیسرائیلیش بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دواییانەی، پشتی بە مافی بەرگریکردن لە خۆ بەستووە. ئەگەر ئۆپراسیۆنەکانی ئیسرائیل بۆ سەر هەنییە، نەسروڵلا و ئەندامانی دیکەی پرۆکسییەکانی ئێران لەڕێگەی مافی بەرگریکردن لە خۆ ڕەوایان پێ بدرێت، کەواتبوو ئێران بۆخۆی ناتوانێت چیتر بانگەشە بۆ مافی بەرگریکردن لە خۆ بکات.

لەبەر ئەوەی ئیسرائیل دژی هێرشەکانی حیزبوڵلا و حەماس  چووەتە پێشەوە، سەرەتا دەبێت ئاماژە بەم پرسیارە سەرەکییە بدرێت کە ئایا بۆ بەکاربردنی مافی بەرگری لەخۆ، گەرەکە هێرشێکی چەکداری ببەسترێتەوە بە دەوڵەتێکەوە. ئەم پرسیارە لەبەر ئەوە جێگای بایەخە کە حەماس و حیزبوڵلا، ئەرێ پرۆکسیی ئێرانن بەڵام هەردووی ئەم گرووپانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر ئێران ئەژمار ناکرێن. خۆ بەتەنها ڕاهێنان و پرچەککردنی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بەس نییە بۆ ئەوەی ئەم گرووپە نادەوڵەتییانە وەک ئۆرگانێکی دێ-فاکتۆی دەوڵەتە پشتیوانەکانیان ئەژمار بکرێن، هەروەکوو  چۆن دادگای نێودەوڵەتیی لاهە لە پرسی ناسراو بە *چالاکییە چەکداری و نیمچە چەکدارییەکان لە نێو نیکاراگۆئە و دژی نیکاراگۆیە*) [1]نیکاراگۆئە لەهەمبەر ئامریکا) یەکلای کردەوە. ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە مافی بەرگری لە خۆ هەڵدەوەشێتەوە؟ بەندی ٥١ی جارنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕوونی دیاری نەکراوە کە ئەو هێرشە گەرەکە لەلایەن دەوڵەتێکەوە کرابێت، بەڵکوو تەنها ئەوە خراوەتەڕوو کە ئەو هێرشە دەبێت ئاراستەی دەوڵەتێک بکرێت. بەپێچەوانەی ئەوە [بەندی ٥١], دادگای نێودەوڵەتیی لاهە لە دۆسیەی نیکاراگۆئە دژی ئامریکا  و هەروەها لەنێو ڕای یاسایی لەسەر *دەرهاویشتە یاساییەکانی دروستکردنی دیوار لەسەر خاکی داگیرکراوی فەلەستین*، پێی وایە دەبێت هێرشەکە لەلایەن دەوڵەتێکەوە کرابێت. لەم نێوەدا گۆڕانکارییەک لە تێگەییشتنی یاسایی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەدی دەکرێت کە دەکرێت لە ڕێگەی کۆدەنگیی یاساناسان [opinio iuris] بخرێتە ژێرچاودێرییەوە .پاش هێرشە تێرۆریستییەکانی ١١ی سێپتامبری  ٢٠٠١ زۆرێک لە وڵاتان دژکردەوەی سەربازیی ئامریکا دژی ئەلقاعیدە وەک  ئەکتەرێکی نادەوڵەتییان وەکوو  بەرگریی ڕەوا  لەخۆ دیت (بڕوانە بڕیارنامەی  ١٣٦٨ (٢٠٠١)  و ١٣٧٣ (٢٠٠١)ی ئەنجومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان). سەرەڕای ئەمە مانا و ئامانجی مافی بەرگری لەخۆ  – پێدانی بژاردەی ڕەوا بە دەوڵەتان بۆ هەڵسوکەوت لە ئەگەری هێرشێک بۆ سەریان – گوزارشت لە تێگەییشتنێکی بەربڵاو دەکات کە تەنها لەسەر ئەکتەرە دەوڵەتییەکان قەتیس نەکراوەتەوە. ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕۆڵێکی سەرەکییان لە گرژییە جیهانییەکاندا گێڕاوە.

*مافی بەرگری لە خۆ لە خاکی وڵاتێکی بیانیدا*

لەگەڵ ئەمەشدا  بەرگری لە خۆ لە خاکی وڵاتێکی تردا، هەر بەو ئاسانییە ڕێگەپێدراو نییە. ئەمە بە شێوەی گشتی پێشێلکردنی مافی دەوڵەتێکی تر لەسەر یەکپارچەیی خاکەکەیەتی. ئەمە بە شێوەیەکی تریش دەبینرێت، ئەگەر ئەکتەرێکی نادەوڵەتی لە خاکی دەوڵەتێکی تردا جێگیرکرابێت و ئەو دەوڵەتەش نەیهەوێت یان لەدۆخێکدا نەبێت کە بەشێوەی کارا دژی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییە بوەستێتەوە) *دوکتورینی بێ دەسەڵاتی و نەویستانە* .)[2]لەم ئەگەرەدا دەکرێت هێرشێک بۆ سەر ئەکتەرە نادەوڵەتییەکە لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە، ڕەوایی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە. ئەمە دەکرێت لە دۆسیەی حیزبوڵلاکە لە لوبنان بنی داکوتاوە و لەوێ بە ئازادانە دەجووڵێتەوە لەبەرچاو بگیرێت.

دۆسیەی ڕێبەری حەماس، هەنییە کە لە تارانی پێتەختی ئێران کوژرا شتێکی ترە. هەرچەند ئێران پشتیوانی لە حەماس ئەکات بەڵام حەماس لە نێو ئێران جێگیر نەکراوە. لەو دۆسیەیەشدا ئێران هەنییەی بۆ سەردانێکی فەرمی بانگهێشت کردبوو و ڕێگەی هاتنێکی ئاشکرای بۆ مسۆگەر کردبوو. ئایا ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئیسرائیل ڕەوایی یاسایی بە هێرشێک لەسەر خاکی ئێران بدات؟ هەڵسەنگاندنی ئەمە جێگای مشتومڕە. ڕەواییدانی یاسایی بە هێرشی بەدەر لە

خاکی ئیسرائیل بۆ سەر حەماسی پاڵپشتیکراو لەلایەن ئێرانەوە زەحمەتە. لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو بیرۆکانە لەسەر یاسایی بوونی ئەو هێرشە بە لەبەرچاوگرتنی یەکپارچەیی خاکی و سەروەریی ئێران هاتنەبەرباس و کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپاش ڕەخنەی لەوە گرت.

## بەرگری لەخۆ لە ئان و سات – بەستێنی کاتدا

ئایا دەکرێت ئێران هێرشە هاژەکییەکەی بۆ سەر ئیسرائیل پشتبەستوو بە مافی بەرگری لەخۆ ئەنجام بدات؟ وڵامی ئەم پرسیارە "نا"یە، ئەگەر تەنانەت کوژرانی هەنییە لە تاران هێرشێکی چەکداریی نایاسایی لەبەرچاوبگیرێت، مافی بەرگری لەخۆ پێشمەرجی ئەوەیە کە هێرشێکی چەکداری لەئارادابێت (یان مەترسییەکی ڕاستەوخۆی هێرشێک لەئارادا بێت). لەم دۆسیەیەشدا بەپێی هیچ یەک لەو ئەگەرانەی باسمان کرد شتێکی وا لەئارادا نەبووە. لە پرسی هێرشی هاژەکی بۆ سەر ئیسرائیل، ئێران دەیهەویست بە پێی توانا لە ناکاو لە ئیسرائیل بدات. ئەمەش بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشەی سەر هەنییە لە ٣١ی جولای [٢٠٢٤] کە کۆتاییشی پێ هاتبوو نەبوو، بەڵکوو ئەمە بۆ تۆڵەستاندنەوەیەک بوو کە ئێران لەچەندین هەفتە پێشترەوە هەڕەشەی لێ ئەکرد .تەنانەت لە ڕوانگەیەکی ئۆبجێکتیکەوە ناکرێت پاساوی ئەوەش بهێنرێتەوە کە هێرش بۆسەر ئێسرائیل بە نزیکەی ٢٠٠ هاژەک، لەچوارچێوەی بەرگری لەخۆ وڵامی هێرشێکی ئێسرائیل بووە کە دوومانگ پێشتری بەشێوەی ئامانجدار و سنووردار بۆ سەر ڕێبەری حەماس کراوە.

ئەگەر بێت و ئێران پرۆکسییەکانی وەک جاران پاڵپشتی بکات، ئەوکات دەکرێت بەردەوامیی ئەو هێرشە نوێیانە بۆسەر ئەندامانی حیزبوڵلا وەک هەڕەشەی هێرشی لەو شێوەیە بۆسەر خۆیشی ببینێت. [بەم شێوەیە] چەمکی *"بەرگریی پێشوەختە لەخۆ"ش* دیسانەوە جێگای مشتومڕە و بەکارهێنانی ئەو چەمکەش تەنها لە ئەگەری هەبوونی ئاماژەیەکی دیار و ڕوون لە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و کردەکییە کە هیچ ڕێگایەکی تریشی نەهێشتبێتەوە (پێوەرەکانی کارۆلین). ئێران، لەگەڵ مەترسیی دەرهەست )ئەبستراکت(ی هێرشی تر بۆ سەر پرۆکسییەکانی، ناتوانێت پشت بە مافی بەرگری لە خۆ ببەستێت و پاساوی بۆ بهێنێتەوە.

## ئاکام و ڕوانگە

بەدەر لەوەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر سەرکردەی حەماس لە چوارچێوەی مافی بەرگری لەخۆ دەکرێت ئەژمار بکرێت یان نا، هێرشی هاژەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل [لە ڕۆژی ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤دا] لە چوارچێوەی مافی بەرگری لەخۆدا ناگونجێ؛ لەبەرئەوەی نە هێرشێکی چەکداری لە ]لایەن[ ئێسرائیلەوە کراوەتە سەر ئێران و نە ئەو بەرپەرچدانەوە سەربازییەی ئێرانیش لەو کاتەی هەڵبژارد پێویست بوو.

بەڵام پرسیارێکیتر لێرە دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئایا ئیسرائیل دەتوانێ لە تۆڵەدا لە ئێران بداتەوە؟ کەموکورتیی یاسایی هێرشەکەی ئێران بۆ سەر ئێسرائیل، لە ڕاستیدا بەشێوەی بنەڕەتی مافی بەرگری لەخۆی داوەتە ئێسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر ئێران. بەڵام چەندە کات بەسەر هێرشەکەدا [هێرشەکەی ئێران] بچێت، ئەوەندەش پاساوهێنانەوەی یاسایی بۆ وڵامی ئێسرائیل وەک دژکردەوەیەکی پێویست، زەحمەتتر ئەبێت .بەوحاڵەش ئەگەر بێت و مەترسیی هێرشەکان [بۆ سەر ئێسرائیل] پەرەبستێنن، دەکرێت "بەرگریکردن لەخۆ" لە هێندێک بابەتدا پێویستیی خۆی لەدەست نەدات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پشتیوانیانەی ئێران لە پرۆکسییەکانی و دوو جار هێرشی هاژەکی بۆ سەر ئێسرائیل لەم ساڵەدا و هەروەها ئەو خواستە بەردەوامەی ئێران بۆ لەنێوبردنی ئێسرائیل، دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم گرژییە نوێیانەش باس لە مەترسییەکی دەرهەست ]ئابستراکت[ لەسەر ئێسرائیل بکرێت. هەرچەند ئەمەش هەر وەکوو ئەوەی لەسەرەوە باس کرا، مەترسییەکی دەرهەستە و بەتەنها ناتوانێت پاساوێک بیت بۆ دۆخی بەرگریکردن لەخۆ. ئێران هێرشە هاژەکییەکەی خۆی وەک دژکردەوەیەک بە هەڵسوکەوتی پێشتری ئیسرائیل ناساندووە، بەوپێیە ئەو هێرشە کۆتایی هاتووە و چیتر مەترسییەکی کۆنکرێت لەئارادا نییە. پێچەوانەی ئەم گریمانەیە ئەوەیە کە هەر وەک جاروبار ئەو گومانەش هەیە، ئێران وەک کۆنترۆڵکەری ئۆپەراسیۆنی پرۆکسییەکانی ئەژمار بکرێت. ئەوکاتەیە کە دەکرێت لە ڕوانینێکی گشتی بۆسەر هەڵسوکەوتەکانی حەماس و حیزبوڵلا، گریمانەی مەترسییەکی کۆنکرێت لەلایەن ئێرانەوە بکرێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ پرسی ڕەپاڵ دان [انتساب]، بێ مشتومڕ نابێت. مەترسییەکانی هاندراو لە لایەن ئێرانەوە دەتوانێت هەر وەک نەتانیاهۆش ڕایگەیاندووە ، وڵامدانەوەی (بە درەنگی) ئیسرائیلی بەدووادا بێت کە ئەوەش ئەگەر نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی هەمەلایەنە، ئەوە دۆخەکە ئاڵۆزتر ئەکات. هەرچەند وا دەردەکەوێت کە یاسا نێودەوڵەتییەکان خەریکە بایەخ و کارتێکەریی خۆیان لەدەست ئەدەن، ئەم دۆسیەیەی ئێستا بە ڕوونی نیشانی

ئەدات: بەبێ پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان، مەترسیی ئاڵۆزبوونێکی لەکۆنترۆڵ دەرچوو لەئارادایە؛ کەوابوو ئەو پێبەندییەیە کە بنەڕەتی هەرەپێویستی ئاشتی و سەقامگیرییە.

- نارین نوسرەتی لە زانکۆی LMU میونیخ، خوێندکاری دوکتورای مافە نێونەتەوەییەکانە

[1] [*Military and Paramilitary Activities in and against Nicaragua (Nicaragua v. United States of America)*]

[2] unwilling or unable-Doktrin

*وتاری "هێرش لە ژێر ناوی بەرگری لەخۆ" بە زمانی ئاڵمانی و لەژێر سەردێڕی Angriff im Deckmantel der Selbstverteidigung لە ڕێکەوتی ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ لە ماڵپەڕی Verfassungsblog بە ژمارەی ناسێنەری بەرهەمە دیجیتاڵیەکان؛ DOI: 10.59704/6c2b2fd0d1ad3501، بڵاو کراوەتەوە.

*لە ماڵپەڕی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان – تیشک بڵاوکراوەتەوە: ٣٩ ڕەزبەری ٢٧٢٤ی کوردی

* نوسرەتی، نارین (٢٠٢٤): هێرش لە ژێر ناوی بەرگریی لەخۆ. وەرگێڕان لەلایەن سیاوەش محەممەدی و ئاگری ئیسماعیلنژاد. ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان، بلاگی ژیانەوە. https://tishk.org/ku/4623-2/